# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی رەسمی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٢٤٨) سالی نۆزدەم ١/ ئادار /٢٠٢٠/ زاینیی ١١/ رەشەمێ/ ٢٧١٩ /کوردی ٦/ رجب / ١٤٤١ کۆچی

248


لەم ژمارەیەدا :


**بڕیاری ژمارە(٣)ی سالی ٢٠٢٠** ل ١

ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢

ڕێنمایی تایبەت بە بەکارهێنان و سیستەمی غازی شل (LPG)

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ل ١٤

تایبەت بە ئامادەکردنی خواردن وپرۆژە خزمەتگوزارییەکان

**بەیانی ژمارە(٤)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٦

هەمواری یەکەمی رێنمایی تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش

**بەیانی ژمارە(٥- ٦ - ٨ - ١٠ – ١١ - ١٢)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٧

تایبەت بە ڕێگری کردن لە بلاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کورۆنا)

**بەیانی ژمارە(٧)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ١٩

تایبەت یاسای بەخاوەنکردنەوەی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان زیادەرۆییان لەسەر کراوە ژمارە (٣) سالی ٢٠١٩

**بەیانی ژمارە(٩)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی ناوخۆ** ل ٢٢

هەمواری یەکەمی بەیانی تایبەت بە دابەزاندنی دەسەلاتەکان بۆ بەڕێوەبەرانی گشتی

**بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو** ل ٢٧

**بەیانی ژمارە (١)ی سالی ٢٠٢٠ وەزارەتی کارەبا** ل ٢٧



ناونیشان: هەولێر - چوار ڕیانی فرنسۆ میتران بالەخانەی وەزارەتی داد.

☎: (٢٢٤٥٥٠٨-٢٢٤٥٥٠٧-٢٢٤٥٥١٤-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//: www.moj.gov.krd

dad@moj.gov.krd

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region, Publishing by Ministry of Justice

العدد (٢٤٨) السنة التاسع عشر ١/ أذار / ٢٠٢٠ ميلادي ١١ / ڕەشەمی / ٢٧١٩/كوردي ٦ / رجب /١٤٤١ هجري

248


## في هذا العدد:


**قرار رقم (٣) لسنة ٢٠٢٠** ص ٢٨

أيام المناسبات الرسمية للمكون التركماني في اقليم كوردستان - العراق


**فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط**


**تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ٢

**تعليمات رقم (٦) لسنة ٢٠٢٠ وزارة المالية والاقتصاد** ص ١٤

**بيان رقم (٤ - ٥ - ٦ - ٧ - ٨ - ٩ - ١٠ — ١١- ١٢) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الداخلية** ص ١٦-٢٦

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الزراعة والموارد المائية** ص ٢٧

**بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٠ وزارة الكهرباء** ص ٢٧



No. 248 Date: March, 1 , 2020 Vol.: 19

چاپخانەی شەهاب هەولێر



http//: www.moj.gov.krd
dad@moj.gov.krd

العنوان : اربيل- تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل
☎ : (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

**کۆماری عێراق**
**هەرێمی کوردستان**
**سەرۆک**

**بڕیار**
**ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (دەیەم) لە یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەمواركراو ، بڕیارماندابە دەرکردنی بڕیاری ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠ی پەرلەمانی کوردستان کە لە دانیشتنی ژمارە (١٣)ی ئاسایی ڕۆژی ٢٠٢٠/١/١٢ پەسەندی کردووە.

**بڕیار**
**ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**ڕۆژانی بۆنە فەرمییەکانی پێکهاتەی تورکمان لە هەرێمی کوردستان – عێراق**

پشت بە حوکمەکانی بڕگەی (١) ی ماددەی (٥٦) لە یاسای هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو ، و بڕگەی (یەکەم)ی ماددەی (٧٧) لە پەیڕەوی ناوخۆی پەرلەمانی کوردستان ،پەرلەمانی کوردستان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١٣)ی رۆژی ٢٠٢٠/١/١٢ ئەم بڕیارەی خوارەوەی دا:

**یەکەم: ئەم بۆنانەی خوارەوە بە بۆنەی فەرمی بۆ پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت:**

**١-** (١٧)ی مانگی (١١)ی هەموو ساڵێك بە ڕۆژی زمان و کولتوری پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

٢-(٢٥)ی مانگی (٢)ی هەمووساڵێك بە ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی پێکهاتەی تورکمان دادەنرێت.

**دووەم:** پێویستە ئەنجومەنی وەزیران ولایەنی پەیوەندیدار ئەم بڕیارە جێبەجێ بکەن.

**سێیەم:**ئەم بڕیارە لە رۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچواندن**

بۆ بە فەرمی کردنی بۆنە نەتەوەیی و کولتوریەکانی پێکهاتەی تورکمان، و پتەوکردن و دەوڵەمەندکردنی فرەیی کولتوری لە هەرێمی کوردستان ، ئەم بڕیارە دەرچوێندرا.

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان**

**هەولێر**
**٢٠٢٠/٢/١٠**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٦١٣ لە ٢٠٢٠/٢/٩**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لەیاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەمەبەستی رێکخستنی چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ غازی شل کە بەکاردێت بۆ گەرمکردنەوەی ماڵان و پێدانی ووزەی بەگەرخستنی کارگەو دامەزراوە پیشەسازییەکان و چێشتخانەو شوێنە گشتییەکان و رێکخستنی چۆنیەتی دانانی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل. بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم رێنماییانەی خوارەوە:

**رێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**رێنمایی تایبەت بە بەکارهێنان و سیستەمی غازی شل (LPG)**

## پێناسەکان

**ماددەی (١):-**

١- **وەزارەت:** وەزارەتی ناوخۆی هەرێمی کوردستان

٢- **پارێزگاکان:** پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان (هەولێر ، سلێمانی، دهۆك ، هەڵەبجە)

٣- **بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی:** بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی لە پارێزگاکان

٤- **غازی شلی (LPG):** کورتکراوەی (Liquid petroleum gas) واتە (گازی شلی پەترۆل) کە تێکەڵاوێکە لە غازەکانی هایدرۆکاربۆنی کە بەکاردێت بۆ ئامێرەکانی گەرمکردن و وزەپێدان.

٥- **UNNumbers:** کورتکراوەی(United Nation Numbers) کە ریزبەندییەکی جیهانیە و پێکهاتووە لە ژمارەیەکی چواریی کە کەلوپەلی مەترسیداری پێدەناسرێتەوە.

٦- **کارەبای ستاتیکی:** دیاردەیەکی ڕاکێشانی کارەباییە لە نێوان تەنەکان پاڵپشت بە بوونی هێزێکی تایبەت کە پێی دەگوترێت هێزی کارەبایی ، کە دروست دەبێت لە ئەنجامی لێکخشاندن و بەریەککەوتن و کاریگەریەکان لە نێوان تەنەکان.

٧- **تانکەر:** تانکەری هەڵگر و گوازەرەوەی غازی شلی (LPG).

٨- **COC:** بڕوانامەی هاوجووت بوون (شهادة المطابقة) (Certificate of Conformity)

## مەرجەکانی سەلامەتی تانکی غاز LPG

**ماددەی (٢):-**

**یەکەم:**

**١-** پێویستە تانکی غاز لە ماڵان دوور بێت لە سەرچاوەی کارەبا وگەرمی بە دووری بەلایەنی کەم (٣م) و بۆ هۆتیل وچێشتخانەو شوێنەکانی تر (٥-٧ م).

٢- بەر تیشکی خۆری ڕاستەوخۆ نەکەوێت و لەژێر کەپرێك بێت و پێویستە لەئاستی هەواگۆڕکێی تانکیەکەدا کراوە هەبێت.

٣- ئەو شوێنەی تانکی غازی تێدا جێگیر دەکرێت پوش وپەلاش وپاشماوەی فرێدراوی لێ نەبێت کەتوانای گڕگرتنی هەبێت.

٤- ئامێری (دژە هەورەتریشقە - مانع الصواعق) دابنرێت لە سەربانی ماڵان و شوێنە گشتییەکان.

٥- زانیاری تەواو لەسەر تانکی نوسرابێت بەپلێت پێوەی بلکێنرێت وەك ( جۆری غاز ، قەبارەی تانکی ، ناوی کۆمپانیا ،ژمارەی پەیوەندی کۆمپانیا، ساڵی دانانی تانکی ، ژمارەی نیودەوڵەتی غازەکە UN number) و دوایین ڕێکەوتی پشکنینی تانکی غازەکە بنوسرێت ، هەروەها هەڵواسینی ژمارەی مۆبایلی بەرگری شارستانی وفریاکەوتن لەنزیك تانکی غاز .

٦- ئەگەر تانکی لەژێر زەوی بوو ئەوا پلێتی زانیاری دەلکێنرێت بە بۆری گواستنەوەی غاز یان بەهۆی تابلۆیەك و دانانی لە نزیك تانکیەکە ، و ڕووکەشی دەرەوەی تانکییەکە کە لە ژێر زەوییە بە مەتر چوارگۆشە لەسەر زەوی دیاری بکرێت دەورەدانی بە پەرژینێکی ئاسنین .

٧- ئەگەر تانکی غازەکە لەسەر زەوی بێت پێویستە چواردەووری بە دیوار بگیرێت وهەواگۆڕکێ تێدا بێت وسیستەمی ئۆتۆماتیکی ئاوپڕژێن (مرشة الماء) لەسەر تانکی وتەنیشتەکانی دابنرێت لەگەڵ ئامێری هەستەوەری غاز و گەرمی بە بەرزی (٣٠)سم بەلایەنی کەمەوە بۆ دابنرێت .

٨- پێویستە دووری نێوان (٢) تانکی لە یەکترەوە لەسەر زەوی بەلایەنی کەمەوە (٣)م بێت وە دیواربەند هەبێت لە نێوان ئەم تانکیانە .

٩- بەهیچ شێوەیەك تانکی غازی شل نابێت لە ژێر زەمین (سرداب) دابنرێت.

١٠- ئەگەر تانکی لەسەر بان داندرا ئەوا پێویستە بنمیچەکە دژە ئاگر بێت یان ماددەیەك بێت کەبەئاسانی نەسوتێت، هەروەها پێویستە تانکی غاز بۆ ماڵان لە (١٠٠٠ تا ٢٠٠٠) لیتر زیاتر دانەنرێت وە بۆ شوێنی گشتی و چێشتخانە و هوتێلەکان لە (٢٠٠٠ تا ٥٠٠٠) لیتر زیاتر نەبێت .

١١- تانکی غاز لەسەربان پێویستە لەشوێنێك دابنرێت کە هەواگۆرکێی تێدا بێت وە بەلایەنی کەم (٣)م دوور بێت لە دەرگاو پەنجەرە و کراوەکان و (٦)م دوور بێت لە شوێنی دەکتی هەوا .

١٢- نابێت تانکی غاز لەسەر بانێك دابنرێت کەبە چواردەووری سەربانەکە دیواری بۆ کرابێت بە بەرزی (٤)م مەگەر لە دیوارەکە چەند شوێنێکی هەواگۆرکێ دروست کرابێت .

١٣- ئەگەر تانکی غاز لەژێر زەوی دانرا پێویستە بە قووڵی (٣)م دابنرێت و بنکەکەی چیمەنتۆ کرابێت و بە لم چواردەوری تانکیەکە پڕ بکرێتەوە ، هەروەها تانکیەکە تایبەت بێت بە ژێر زەوی ئەمەش کۆمپانیا بەشێوەیەکی جیاواز دروستی دەکات لە ڕووی پلێت و شوێنی گێچەکان و بۆیاغی دەرەوە .

١٤- هەڵواسینی تابلۆی قەدەغە کراوەکان لەنزیك تانکی غاز (جگەرەکێشان ، ئیش پێ نەکردنی مۆبایل ...هتد) و دانانی کامێرای چاودێری لە نزیك تانکیەکە و دانانی ئامێری ئاگرکوژێنەوەی دەستی لەنزیك تانکی غاز لەجۆری پاودەر بەلایەنی کەم (٨ کغم) بۆ سەرەوە بۆ شوێنە گشتیەکان.

١٥- راهێنان بەکەسی چاودێر بکرێت لەسەرچۆنیەتی رووبەرووبونەوەی ئاگرو چوڵکردنی شوێنەکە لەکاتی رووداوی لەناکاودا لە لایەن خاوەن پرۆژەکە وە چاودێر رۆژانە ئاگادار بێت لە هەرکەموکوریەکی تانکیەکە .

١٦- بونی سەرچاوەی ئاوی پێویست بۆ کاتی لەناکاو(تانکی گەورە و مزەخە) لەگەڵ فەوهەو وسۆندەو خەرتوم.

١٧- دووری نێوان تانکی غاز و ئەو ئۆتۆمبێلەی کەغازی تێدەکات نابێت لە (٨)م کەمتر بێت بۆ سەلامەتی گشتی.

١٨- ساڵانە پشکنینی ئەندازەیی (هندسی) بکرێت بۆ ئەم سیستەمە بەلایەنی کەم (١) جار لەلایەن کۆمپانیای دامەزرێنەر.

١٩- پێویستە لەکاتی بوونی لێچونی زۆری غاز لەم سیستەمە لە ماڵان بەلایەنی کەم (١٠٠)م بە چواردەور چۆڵبکرێت وە لەکاتی بوونی لێچوونی غاز لەهۆتیل وچێشتخانەو شوێنەکانی تر (٨٠٠)م بەچواردەور چۆلبکرێت هەروەها لەکاتی بوونی ئاگر لەتانکی غاز (١٦٠٠)م بەچواردەور چۆڵبکرێت لەبەرئەوەی پێویستە کرداری چۆڵکردن ئەنجام بدرێت بە هەموو ئاراستەکان بۆ ئەو دووریەی ئاماژەی پێدراوەئەمەش لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی ئەنجام دەدرێت.

**دووەم:**

پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەت لە هەر پارێزگایەك ئەندامیەتی نوێنەری هەریەك لە (پارێزگا و بەرگری شارستانی ، سامانەسروشتیەکان ، پەرەپێدانی پیشەسازی ، ئەندازیاری میکانیکی و مەدەنی لە شارەوانی) بۆ بەدواداچونی ئەم پرۆژانە و ئەنجامدانی پشکنین بۆیان و جێبەجێکردنی بڕگەی یەکەم لەم ماددەیە.

## تایبەتمەندیەکانی تانکی غازی شل LPG

**ماددەی (٣):-**

١- پێکهاتەی پلێتەکەی دروستکرا بێت لە ماددەی (فولاژ) ، یان ستیلێکی کاربۆنی کە بەرگەی بەلایەنی کەم (٢٠) پلەی ژێر سفری سەدی بگرێت.

٢- رێکخەرەکانی وەك رێکخەری میکانیکی وکارەبایی و دژە بروسکە بە شێوەیەکی درووست لە تانکەر هەبن.

٣- پێویستە دیزاینی دروستکردنی تانکی گواستنەوە (LPG) بەپێی (ADR –Accored dangerous road- Class 2 ) بێت.

٤- پێویستە تانکی LPG هێمایی (UN Number) لەسەر بێت.

٥- لە تاقیکردنەوەی هایدرۆلیکی (٢٥) بار دەربچێت وە کەمتر نەبێت.
٦- تیرەی (قطر)تانکەرەکە لە (٢,٥) مەتر زیاتر نەبێت.
٧- ئەوپەری(maximum) پەستانی کارپێکردنی (١٩,٢) بار بێت.
٨- دیزاینی پەستانی (٢٥) بار بێت.
٩- دیزاینی بەرگەی پلەی گەرمی (-٢٠ تاکو +١٢٠) پلەی سەدی بگریت.
١٠- کۆنترۆل و پشکنینی بەپێی ( ADR- Accored dangerous road ) بێت.
١١- پێویستە ئەستوری پلێتی تانکەر لە (٦) ملم کەمتر نەبێت.
١٢- رێکخەری (Regulator) بۆ رێکخستنی پاڵەپەستۆی بە گوێرەی پێویست.
١٣- دەمەوانەی داخستن ئەگەر پاڵەپەستۆ لە ڕادەی پێویست زیادی کرد.(over pressure shut off valve)
١٤- دەمەوانەی داخستن ئەگەر پالەپەستۆ لە ڕادەی پێویست کەمی کرد( Under pressure shut off valve)
١٥- دەمەوانەی دڵنیایی. . safety valve
١٦- دەمەوانەی کۆنترۆلی حالەتی کتوپر.(Emergency Control valve)
١٧- بڕوانامەی coc لەگەڵدا بێت.

## مەرجەکانی گواستنەوەی غازی شل بە تانکەر

**ماددەی (٤):-**

١- دەبێت شوفێر شارەزایی و ڕاهێنراو بێت لەبواری سەلامەتی گشتی و بەرگری شارستانی و بەشداری خولی تایبەت بکات کە لە لایەن بەرگری شارستانی و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان ئەنجامدەدرێت و بڕوانامەی خولەکەی وەرگرتبێت.
٢- پێویستە ئەو تانکەرە تەنیا تایبەت بێت بە گواستنەوەی غازی شل و پێویستە:
أ- تانکەرەکە سەرجەم گێچی (کێش و گەرمی و پەستان) و دەمەوانەی سەلامەتی (SafetyValve) بەگوێرەی قەبارەی تانکی تانکەرەکە تێدا بێت.
ب- شوێنی پڕکردن و بەتاڵکردن و هەڵگرتنی سۆندەکان پێویستە داخراو بێت واتە لەناو سندوقی تایبەتی بێت.
ج- سۆندەی بەتاڵکردنی غازی شل پێوستە ساڵانە پشکنینی ئەندازەی بۆ بکرێت.
د- بۆیەی تانکەرەکە ستانداردی جیهانی بێت کە رەنگی سپییە.
٣- دەبێت شۆفێرەکە گرنگی تەواو بدات بە مەرجی توندوتۆڵی تانکەرەکە.
٤- پێویستە تانکەرەکە بڕوانامەی دەرچوونی کوالێتی کۆنترۆڵی هەبێت کە لەلایەن ئەو کۆمپانیایە دەدرێت کە لە دەروازە سنوورییەکان کار دەکەن بەپێی ئەو مەرجانەی کە لە وەزارەت دانراوە.
٥- هەر تانکەرێک دروستکردنی ناوخۆ بێت و بۆ گواستنەوەی غازی شل بەکار بێت رێگەی پێنادرێت و قەدەغەیە.

٦- شۆفێر بەردەوام پشکنین بکات بۆ دەمەوانە و سۆندەکانی گواستنەوەی غازی شل و لە سندوقی تایبەت لە ئۆتۆمبیلەکە هەڵبگیرێت بۆ ئەوەی پارێزراو بێت لە هەر ڕووداویکی هاتووچۆ هەروەها ئەو ئامێرانەی بەکاری دێنێت (علبة) زەرد بێت بۆ ئەوەی پریشك دروست نەکات.

٧- لە وەرزی گەرمادا پێویستە ساردکردنەوە بۆ تانکەرەکە ئەنجام بدرێت بە بەکارهێنانی ئاو ئینجا بار بکرێت یان بەتاڵ بکرێت.

٨- لە وەرزی گەرمادا بەرۆژ بارکردن وبەتاڵکردن ئەنجام نەدرێت تەنها بەشەو بکرێت لەبەر مەترسی گەرمای خۆر.

٩- بوونی وایەری بەتاڵ کردنەوەی کارەبای زەمینی Earth لە کۆتایی تانکەرەکە.

١٠- دانانی تابلۆی تایبەت (UN Number) لەسەر تانکەرەکە.

١١- بوونی دەمیلەی بەتاڵکردنەوەی پالەپەستۆ لە تانکەرەکە.

١٢- بوونی ئامێری ئاگرکوژێنەوە لە ناو تانکەرەکە جۆری پاودەر (١٢)کغم.

١٣- بوونی جانتای فریاگوزاری سەرەتای لەناو تانکەرەکە.

١٤- تانکەر کاتێك غازی شلی بار کردبێت نابێت لەسەر شەقام و کۆڵانەکان بەجێبهێڵرێت.

١٥- شوفێر یان یارمەتیدەرەکەی نابێت بەهیچ شێوەیەك جگەرە ، مۆبایل ، ئامێری گەرمکردنەوەی خۆراك بەکار بێنێت.

١٦- شۆفێر یان یارمەتیدەرەکەی جلی تایبەت لەبەر بکات کە ڕێگربێت بۆ دروست کردنی پڕیشکی گەرمی (کارەبای ستاتیکی).

١٧- شۆفێر یان هاوکارەکەی نابێت پێڵاوێك لەپێ بکات کە بنەکەی بزمار ڕێژ کرابێت.

١٨- بە هیچ شێوەیەك نابێت تانکەری هەڵگری غازی شل لە پارکی ژێر زەمینی پارك بکرێت.

١٩- لەکاتی پارك کردنی تانکەرەکە لە پارکی کراوە (دەرەوە) پێویستە:

أ- شوێنی پارك کردنی تانکەرەکە هەواگۆڕکێ باشی هەبێت.

ب- ئەگەر لێچونی هەبوو پێش پارك کردنی چارەسەر بکرێت.

ج- هەموو دەمەوانەکانی بەباشی دابخرێت.

د- لە نزیکی سەرچاوەی گەرمی پارك نەکرێت و بەردەوام چاودێری بکرێت.

٢٠- لەکاتی غاز پڕکردن یان بەتاڵ کردنی پێویستە بەردەوام کەسێك چاودێری بکات (شۆفێر یان یاریدەدەری شۆفێر)

٢١- لەکاتی بەتاڵ کردنی غازی شل پێویستە بەلایەنی کەم (٨)م دوور بێت لە هەر سەرچاوەیەکی گەرمی کە بریتین لە (ئاگر ، کارەبا ، ئامێری لحیم و بڕینەوە ، چەخماخە ، لێخشانی دوو مادە ، وزەی ستاتیك (کارەبایی ناو لەشی مرۆڤ)........).

٢٢-بزوێنەری ئۆتۆمبێل وهەموو لایتەکان و هەر ئامێرێکی تری کارەبای تانکەرەکە بکوژێنرێتەوە.

٢٣- لەکاتی بەتاڵکردنی غازی شل پێویستە هێمای تایبەت دابنرێت و شریتی تایبەت بە چواردەوری تانکەرەکە دابنرێت هەروەها ڕاگر دابنرێت بۆ تایەی تانکەرەکە بۆ ئەوەی جووڵە نەکات.

**مەرجە هونەری وکارگێریەکانی دانانی سیستەمی غازی شل بۆ بەکارهێنانی سنوردار**

**ماددەی (٥):-**

مەرجە هونەری وکارگیرییەکانی دانانی سیستەمی غازی شل بۆ بەکارهێنانی سنوردار بۆ ناو ماڵان و چیشتخانەکان و شوێنە گەشتیاری و پیشەسازی و کشتوکاڵی کە بەکارهێنانی مانگانەیان بۆ غازی شل لە نیوان (٠،٥ بۆ ١٠)تۆن دەبێت:

**یەکەم: لایەنی سومەند و جێبەجێکار :**

أ- لایەنی سوودمەند دەبێت مۆڵەتی پرۆژەکەی کە دەرچووە لەلایەنی پەیوەندیدار وەك (شارەوانی، دەستەی وەبەرهینان ، پیشەسازی ، کشتوکاڵ یان تەندروستی .....) لەگەل نەخشەی بیناکەی کە پەسەند کراو بێت تیایدا بەتەواوی سیستەمی دانانی غازی شل بەشێوەی تانکی و تۆڕی بۆڕیەکانی دیاری کرا بیت و پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دەکرێت پاش وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرەتای پێویستە تەنها لەلایەن ئەو کۆمپانیا و گروپە هونەریانە ئەنجام بدرێت کە مۆڵەتیان هەیە بۆ ئەم جۆرە پرۆژە غازییانە وە گرێبەستێك ئەنجام دەدرێت لە نێوان ئەم کۆمپانیایە و لایەنی سوودمەند کۆمپانیای ناوبراو دۆکیۆمینتەکانی تانکی غاز (بڕوانامەی شوێنی دروستکەر لەگەڵ بڕوانامەی پشکنین - شهادة المنشأ مع شهادة الفحص ) هەروەها وێنەیەك لە مۆڵەتی دامەزراندنی کۆمپانیاکە ومۆلەتی بینای پەسەندکراوی پرۆژەکە وداواکاریەك لە خاوەن پرۆژەکە و سەنەدی تۆماری خانووبەرە ئەگەر خانوو بوو ، بە فایلێك پێشکەشی بەڕێوەبەرایەتی بەرگری شارستانی دەکرێت تا ڕێگەی پێبدرێت و دەست بەدانانی سیستەمەکە بکات.

ب- پێویستە لایەنی جێبەجێکار مۆڵەتی هەبێت و تۆمارکراو بێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ومۆڵەتی کارکردنی هەبێت لەم جۆرە کارانەی تایبەت بە غازی شل لەلایەن سامانە سروشتیەکان ، ئەم کۆمپانیایە بەرپرسیاریتی تەواوی کوالیتی تانکی و کەرەستەی بەکارهاتوو و دامەزراندن و پشکنینی ئەندازەی و ئیشپێکردن و چاککردنەوە صیانە و بەدواداچونی سیستەمەکە بە تەواوی هەڵدەگرێت ، هەروەها بەرپرسیارە لە دابین کردنی غازی شل بۆ لایەنی سوودمەند بە تانکەری تایبەت ، وە تانکیەکە پێویستە شهادەی سەلامەتی لەگەڵ بیت.

ج- کارەکانی ئەم کۆمپانیایە لە ژێر ڕێنمای و سەرپەرشتی لیژنەیەکی هاوبەش دەبێت لە بەرگری شارستانی و نوێنەری هونەری وەزارەتی سامانە سروشتیەکان.

د- لیژنەی سەرپەرشتیاری باسکراوی سەرەوە پاش تەواو بوونی پرۆژەکە سەرپەرشتی پشکنینی ئەندازەی دەکات تاکو ئەگەر سەرکەوتوو بوو بڕوانامەی پشکنین (شهادة الفحص) دەدات بە لایەنی سودمەند وە ئەم کارە بەرامبەر رسوماتی دارایی دەکرێت کە پێشتر وەزارەتی دارایی و ئابووری ڕێنمای پێ دەرکردووە و بەشێك لەم ڕسوماتە بۆ ئەندامانی لیژنەکە دەبیت.

**دووەم: تانکی غاز :**

أ- پێویستە تانکی غاز لە جۆری نویێ بێت و شهادەی منشأ و شهادەی فحص ئەندازیاری لەگەڵ بێت کە پێویستە لیژنەی سەرپەرشتیار زانیاریەکانی ئەم دوو شهادەیە بەراوورد پێ بکەن لەگەڵ ئەو پلێتەی کە کۆمپانیای دروستکەر لەسەر تانکیەکەی داناوە ، هەروەها پێویستە هەر تانکیەك ئەو دوو شهادەیە و پلێتی پێوە نەبێت لە سنورەکان ڕێگری لێبکرێت هاوردە نەکرێت چونکە ئەو پلێتە (ساڵی دروستکردن و ژمارەی دروستکردن و قەبارە و ناوی کۆمپانیا و وڵات ......)لەسەر نوسراوە و وەك ستانداردێکی جیهانی بەکاردێت وە نابێت بە هیچ شێوەیەك تانکی بەکارهاتوو جاریکی تر بەکاربهێنریتەوە.

ب- بەهیچ شێوەیەك ڕێگە نادرێت تانکی تایبەت بە سەر زەوی لە ژێر زەمین (سرداب) دابنرێت.

ج-تانکی سەر زەوی لەسەر قاعیدەیەکی کۆنکرێتی دادەنرێت بە گوێرەی قەبارەی تانکیەکە وەك لە خشتەی هاوپیچ دیاریکراوە.

د-پێویستە تانکی ئەم جۆرە گێچانەی پێوە بێت ( دەمەوانەی دڵنیایی ، دەمەوانەی بەتاڵکردن ، گێچی قەبار ، گێچی فشار ، گێچی گەرمی ).

هـ - هەموو سیستەمەکە پێویستە دەمەوانەی داخستنی تیابێت ( shut off valve)

و- پێویستە تانکی غاز بە بەرزی (٣٠) سم لە سەقفەکەی سێبەری بۆ بکرێت بە پلێتی تایبەت.

**سێیەم: تۆڕی غاز :**

أ- پێویستە تۆڕی بۆری غاز هەتا بکرێت لەسەر زەوی بێت و دیارو ئاشکرا بێت هەروەها بۆیاغی زەرد و دژە ژەنگ بکرێت ، بەڵام لە کاتی ناچاریدا بۆ ژێر زەوی پێویستە بۆڕی پۆلی ئەتیلین بەکاربێت و بەشێوەیەك دابنرێت کە (٢٥) سم دوور بێت لە هەر بۆڕیەکی تر لەژێر زەوی وەك (بۆری ئاو ، کارەبا ، تەلەفۆنات ......).

ب- بۆڕی سەر زەوی دەبێت لە جۆری پۆڵا (فولاد)یان مس بێت.

ج- دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا بۆرییەکانی ڕێکخەری پاڵەپەستۆ لە پۆڵای galvanized steel بێت.

د- پاڵەپەستۆی مامناوەند (الضغط المتوسط) لەناو تۆر دەبێت لە نێوان (٢) بار تا (٧٥) میلی بار بێت.

ە- پاڵە پەستۆی نزم لەناو تۆر (٧٥) میلی بار بێت.

و- کەمترین پاڵەپەستۆ لە ناو تۆر نابێت لە (٢٥) میلی بار کەمتر بێت.

ز- هەموو سیستەمێکی غاز دەبێت ئەم فیتینگانەی تیدا بێت :

١- (ڕێکخەر Regulator بۆ ڕێکخستنی پاڵەپەستۆی غاز بە گوێرەی پێویست)

٢- دەمەوانەی داخستن ئەگەر پاڵەپەستۆ لە ڕادەی پێویست زیادی کرد (Over Pressure Shut off Valve).

٣- دەمەوانەی داخستن ئەگەر پاڵەپەستۆ لە رادەی پێویست کەمی کرد(Under Pressure Shut off Valve).

٤- دەمەوانەی دڵنیایی Safety Valve

٥- دەمەوانەی کۆنترۆلی حاڵەتی کتوپڕ (Emergency Control Valve)

ح- هەستیار (حساس)ی لێچوونی غاز ئەگەر هەبوو کەئۆتۆماتیکی فەرمان بە دەمەوانەی ژمارە (٥)دەکات کە غازی شل ڕابگرێت.

گ- پێویستە کۆمپانیای جێبەجێکار بە بەردەوامی پشکنین وپاراستن و چاکردنەوەی تۆری بۆری غاز لە ئەستۆ بگرێت.

**چوارەم: پشکنینی ئەندازەیی:**

**١-** پشکنینەکە بەم شێوەیە دەبێت:

أ- ئەگەر پێویستی کردتانکی غاز پشکنینی هایدرۆلیکی بۆ دەکرێت لە ژێر فشاری (١،٥) بەرامبەر فشاری دیزاین کراو (١،٥ مره من الضغط التصميمي للخزان).

ب- پشکنینی بۆیاغی تانکی کە ڕەنگی سپی بێت وە ئەستوری بۆیاغەکە کەمتر نەبێت لە (٤٠٠) مایکرۆمیتر.

ج- پشکنینی تۆری غاز بە (١،١) بەرامبەر فشاری دیزاین ئەنجام دەدرێت.

د- تۆڕی بوخاری پاڵەپەستۆی بەرز لە ژێر فشاری (KPA ١٠٣٤ ) ئەنجام دەدرێت.

هـ - تۆڕی هەڵمی پاڵەپەستۆی مامناوەند لە ژێر فشاری (KPA ١٠٣ ) ئەنجام دەدرێت.

و- تۆڕی بوخاری پاڵەپەستۆی نزم لە ژێر فشاری (KPA٦٩ ) ئەنجام دەدرێت.

ز- هەموو بۆڕییەکان و جێگای لحیم کردن و هەر لکاندنێکی هەبێت بە ئاو سابون کەفاو پشکنینی بۆ دەکرێت.

ح- سەرجەم پشکنینەکان لەژێر فشار دەبێت و بۆ ماوەی (٣٠) خولەك کەمتر نەبێت ئەگەر لەو ماوەیەدا پاڵە پەستۆ هاتە خواری ئەوا نیشانەی بوونی لێچونەو پێویستە چارەسەر بکرێت وە جارێکی تر پشکنینەکان دووبارە بکرێتەوە..

-٢

أ- پێکهێنانی لیژنەیەکی هاوبەش بۆ مەبەستی پشکنینی هاتوو لە بڕگەی یەکەمی سەرەوە بە بەشداری (بەرگری شارستانی و وەزارەتی سامانە سروشتیەکان و کەسانی هونەری و ئەندازیاری شارەزابن لە بواری پشکنین) بەمەبەستی پشکنینی ئەندازەیی بۆ هەر پرۆژەیەك بە هەر قەبارەیەك بێت پاش تەواو بوونی .

ب- ئەگەر کۆمپانیاکە یان لایەنی سێیەم ئەم پشکنینەی ئەنجامدا ئەوا پێویستە لە ژێر سەرپەرشتی بڕگە/أی سەرەوە بێت..

ج- ئەم لیژنەیە پێویستە بڕوانامەی پشکنین بدات و پەسند بکرێت لە لایەنی پەیوەندیدار و وێنەیەکیش لەم بڕوانامەیە بدرێت بە خاوەن پڕۆژەکە.

## مەرجەکانی دانانی شوێنی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٦):-**

١- پێویستە ئەو شوێنەی کە سیستەمی غاز دادەنێت بۆ ئۆتۆمبێل کۆمپانیایێکی تۆمارکراو بێت لە وەزارەتی ناوخۆ و تەنها کاری بریتی بێت لە دانانی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل.

٢- پێویستە شوێنی دانانی سیستەم گونجاو بێت بۆ کارکردن و مەرجەکانی سەلامەتی بەرگری شارستانی تێدا بێت.

٣- ڕووبەری باڵەخانەی کۆمپانیاکە نابێت لە (٢٥٠م٢) کەمتر بێت.

٤- ڕووبەری شوێنەکە نابێت لە (٤٠٠م٢) کەمتر بێت.

٥- ژووری کارگێڕی و ژمێریاری و سێتی تەوالێت و شوێنی پشوودانی کارمەندان و شوێنی پێشوازی تێدا بێت.

## مەرجەکانی جۆری سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل

**ماددەی (٧):-**

پێویستە سیستەمی غازی بەکارهێنراو ئەم خاڵانە لە خۆ بگرێت:

١- سیستەمی غاز پێویستە بەڵگەنامەی ایزو ISO هەبێت.

٢- دەبێت مێشکی ئیلکترونی OBD هەبێت.

٣- دەبێت نەخشەی (Map Sensor) هەبێت بۆ ئەوەی ئەگەر لێچوونی غاز هەبێت بۆ هەستیاری ئەوەی ئەگەر سیستەمی ئیلکترونی (OBD) کاری نەکرد ئەوە ئەم سیستەمە کۆنترۆڵی لێچوونەکە بکات تاکو هیچ ڕووداوێکی نەخوازراو ڕوو نەدات.

٤- دەبێت سیستەمی غازەکە بەپێی جۆر و توانا بزوێنەری ئۆتۆمبێل بێت واتە ڕەچاوی ژمارەی پستن (٣،٤،٥،٦،٨،١٠) بکرێت هەروەها ئەگەر تۆربو بێت دەبێت ڕەچاو بکرێت بەپێی ژمارەی پستنەکان.

٥- ئەگەر ئۆتۆمبیلەکە کابرولێت (کابریتر) یان نۆزلی ڕاستەوخۆی هەبێت پێویستە سیستەمی تایبەتی بۆ دابنرێت.

٦- نابێت سیستەمی بەنزین بەهیچ شێوەیەك دەستکاری بکرێت چونکە لە ڕووی سەلامەتی و تەندروستی مەترسیدارە هەروەها ژینگە پارێز دەبێت.

٧- تانکی غازەکە دەبێت لە جۆری زریپۆش بێت واتە نابێت پلاستیك بێت هەرەوەها دەبێت لە دوو ڤالڤی سەلامەتی کەمتری نەبێت هەروەها سیستەمی هەستیاری گەرمای هەبێت بۆ دوورکەوتنەوە لە مەترسیەکانی ڕووداوی ئۆتۆمبێل.

٨- دەبێت بۆڕی بەکارهاتووی سیستەمی غاز لە جۆری مزی باوەڕپێکراو بێت واتە بەرگەیی شکاندنی هەبێت.

**ماددەی (٨):-**

١- پێویستە کۆمپانیای (پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل) بڕگەی پشکنینی سیستەمی غاز بخاتە ناو بڕوانامەکەی.

٢- کۆمپانیای (پشکنینی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێل) پێویستە ئارمی پێویست بخاتە سەر جامی ئەو ئۆتۆمۆبێلە کە سیستەمی غازی هەیە بۆ ئەوەی لە مۆڵەکان ڕێپێدراو بێت چونکە ئەوانی تر مەترسیدارە.

**ماددەی (٩):-**

پێویستە هەموو کەل وپەلی سیستەمی غاز بەشێوەیەکی یاسایی بێتە ناو هەرێمی کوردستان لە خاڵە سنووریەکان.

**ماددەی (١٠):-**

١- هەر شوێنێك پابەند نەبوو بەم ڕێنمایانەی سەرەوە ئەوە پێویستە لایەنی پەیوەندیدار شوێنەکە دابخات و تا بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە جێبەجێ نەکات ناکرێتەوە و شوێنەکە بە یەکجاری دادەخرێت.

٢- لە کاتی دووبارە بوونەوەی سەرپێچی بە بڕی (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دە ملیۆن دینار سزا دەدرێت.

**ماددەی (١١):-**

١- نابێت ڕێگە بە ئۆتۆمبێلی غاز بدرێت بچێتە گەراجی ژێر زەمینی.

٢- نابێت دوو تانکی غازی (LPG) پێکەوە لەحیم بکرێت بە مەبەستی زیادکردنی قەبارەکەی.

٣- زانیارییەکانی کۆمپانیای دروستکەری تانکی غاز بە پلێت بلکێندرێت بە تانکیەوە ، واتە نابێت بە بۆیاغ بنووسرێت.

٤- ئەو کەسانەی هەڵدەستن بە بەستنی سیستەمی غاز بۆ ئۆتۆمبێل کەسانی پسپۆڕ بن لەم بوارەدا وە بڕوانامەی تایبەتیان هەبێت.

**ماددەی (١٢):-**

پێویستە لیژنەیێکی تایبەت بە بەردەوامی بەدواچوونەوەی جێبەجێ کردنی ئەم ڕێنماییە لەسەر هەر (٤) پارێزگا بکات.

## ڕسوماتی دانانی شوێنی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل

**ماددەی (١٣):-**

**یەکەم:** ئەو ڕسوماتە کارگێڕییانەی خوارەوە وەردەگیرێت لە بەرامبەر پێدانی مۆڵەتی دانانی شوێنی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل کە لە خوارەوە هاتووە:

١- دانانی بارمتە بە بڕی (٥٠،٠٠٠ $) تەنیا پەنجا هەزار دۆلاری ئەمریکی.

٢- وەرگرتنی بڕی (٦،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا شەش ملیۆن دینار لە بڕی پێدانی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیا.

٣- وەرگرتنی بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا دوو ملیۆن دینار لە بڕی نوێکردنەوەی مۆڵەتی کارکردنی کۆمپانیا.

**دووەم:** لەکاتی پابەند نەبوونی کۆمپانیا یان شوێن ئەوا بەم پێبژاردنانەی خوارەوە سزا دەدەرێن:
١- هەر کۆمپانیایەک یان شوێنیک پابەند نەبێت بەم ڕێنماییە بە بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا یەک ملیۆن دینار سزا دەدرێت بۆ جاری یەکەم لەگەڵ لابردنی سەرپێچییەکە.
٢- ئەگەر سەرپێچی دووبارە بووەوە ئەوا بۆ ماوەی (١) یەک مانگ کۆمپانیاکە یان شوێنەکە دادەخرێت لەگەڵ سزای سەرپێچی بە بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) تەنیا دوو ملیۆن دینار لەگەڵ لابردنی سەرپێچی.
٣-ئەگەر بۆ جاری سێیەم دووبارە بێتەوە کۆمپانیا یان شوێنەکە بۆ ماوەی (١) یەک ساڵ دەخرێتە لیستی ڕەشەوە و دادەخرێت لەگەڵ لابردنی سەرپێچییەکە.

**سێیەم:**
١- ئەم بڕە پارانەی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە دەخرێتە سەر حسابی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان لە دیوانی وەزارەت.
٢- ئەم بڕە پارانەی هەردوو بڕگەی یەکەم و دووەمی ئەم ماددەیە: ڕێژەی (٩٠٪)ی دەگەڕێتەوە بۆ گەنجینەی هەرێم و ڕێژەی (١٠٪) بەکاردەهێندرێت بۆ پەرەپێدانی کاروباری بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان و پەرەپێدانی پەیمانگەی بەرگری شارستانی هەرێم بەفەرمانی وەزیری ناوخۆ خەرج دەکرێت بەمەبەستی.

**ماددەی (١٤):-**
پێویستە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەرگری شارستانی هاووڵاتیان و شوێنی دانانی مەرجەکانی دانانی شوێنی سیستەمی غاز (LPG) بۆ ئۆتۆمبێل ئاگادار و هۆشیار بکەنەوە لەسەر ئەم ڕێنماییە.

**ماددەی (١٥):-**
هەڵوەشاندنەوەی ڕێنماییەکانمان ژمارە (٢ و ٣)ی ساڵی ٢٠١٩ و فەرمانی وەزاریمان ژمارە ( ١٣٥٩٧ ) لە ٢٠١٩/٨/٨.

**ماددەی (١٦):-**
ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

## بناغەی کۆنکریتی بۆ تانکی غازی شل

BASE REQUIREMENTS FOR ABOVE GROUND TANKS





Fig. 3.

### دووریەکانی بناغەی کۆنکریتی:

| Tank size (kg) | Dimensions (m) | | |
|---|---|---|---|
| | Length (a) | Width (b) | Depth (c) |
| 2x230 churn | 2.6 | 1.3 | 0.15 |
| 3x230 churn | 4.3 | 1.3 | 0.15 |
| 1x600 | 2 | 1 | 0.15 |
| 2x600 | 2 | 3 | 0.15 |
| 3x600 | 2 | 5 | 0.15 |
| | | | |
| 1x1000 | 3.3 | 1 | 0.15 |
| 2x1000 | 3.3 | 3 | 0.15 |
| 3x1000 | 3.3 | 5 | 0.15 |
| | | | |
| 1x2000 | 3.8 | 1.2 | 0.15 |
| 2x2000 | 3.8 | 3.4 | 0.15 |
| 3x2000 | 3.8 | 5.6 | 0.15 |
| | | | |
| 1x3000 | 5.7 | 1.2 | 0.15 |
| 2x3000 | 5.7 | 3.4 | 0.15 |
| 3x3000 | 5.7 | 5.6 | 0.15 |
| | | | |
| 1x4000 | 5.5 | 1.6 | 0.15 |
| 2x4000 | 5.5 | 4.2 | 0.15 |
| 3x4000 | 5.5 | 6.8 | 0.15 |

**وەزارەتی دارایی و ئابووری**

**ژمارە: ١٧٩١ لە ٢٠٢٠/٢/١٦**

پاڵپشت بە نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە ( ٨٩٢١ ) لە ٢٠١٩/١٠/٢٩ بە مەبەستی دابین کردنی خواردن بۆ (نەخۆشەکان و کارمەندان) و پاککردنەوەی نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکان ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :-

**ڕێنمایی ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە ئامادەکردنی خواردن وپڕۆژە خزمەتگوزارییەکان**

**یەکەم:** گرێبەستی دابینکردنی خواردنی نەخۆش و کارمەندانی تەندروستی بۆ نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکان بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت.

١- نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکانی ناو سەنتەری قەزاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) نرخی سێ ژەم خواردن بۆ هەر نەخۆشێك یاخود کارمەندێك لە (٤٥٠٠) دینار کەمتر نەبێت و لە (٦٠٠٠) دیناریش زیاتر نەبێت.

٢- نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکانی پارێزگای هەڵەبجە و ئیدارەی گەرمیان و ئیدارەی ڕاپەڕین و نەخۆشخانە و دەزگاکانی دەرەوەی سەنتەری قەزاکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) نرخی سێ ژەم خواردن بۆ هەر نەخۆشێك یاخود کارمەندێك لە (٤٥٠٠) دینار کەمتر نەبێت و لە (٧٠٠٠) دیناریش زیاتر نەبێت.

٣- لە هەردوو حاڵەتی سەرەوە سەرجەم خەرجی ئامادەکردن و دابەشکردنی ژەمە خواردنەکان بەکەرستە و هەموو جۆرە خەرجییەکی کرێکارەوە لە سەر بەڵێندەرە.

**دووەم:** گرێبەستی پاککردنەوە نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیەکان بە دوو گرێبەستی سەربەخۆ ئەنجام دەدرێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-

١- گرێبەستی دابینکردنی مەواد و پێداویستی پاککردنەوە:-

أ- کڕینی سەرجەم مەواد و پێداویستیەکانی پاککردنەوە بەپێی بڕ و تایبەتمەندی (مواصفات) داواکراو لە دۆکیومێنت و مەرجەکانی بانگەوازکردندا لە سەر بەڵێندەر دەبێت.

ب- خەرجی گواستنەوەی کەرستە(مواد) وپێداویستەکانی پاککردنەوە و کۆگاکانیان لە ئەستۆی بەڵێندەر دەبێت . بە مەرجێك لە ناو سنووری شارەوانی ئەو شارە یان شارۆچکەیە بێت نەخۆشخانەکەی تێدایە.

ج- خەرجی گەیاندنی کەرەستەکان (المواد) خاڵی (ب) بۆ ئەو نەخۆشخانە و دەزگا تەندروستیانەی کە گرێبەستەکەیان بۆ ئەنجام دراوە بەپێی بڕ و جۆری داواکراو بە مەرجێك هەر بڕێکی (وجبة) بۆ هەفتەیەك کەمتر نەبێت لە سەر بەڵێندەر دەبێت ، و پێویستە هەموو بڕەکان لە لایەن فەرمانبەری وەزارەتی تەندروستی وەربگیرێت و لە ڕۆژی خۆی تۆمار بکرێت.

٢- گرێبەستی کاری پاککردنەوەی نەخۆشخانەکان.

أ- دابینکردنی کرێکاری پێویست و دابەشکردنیان بەپێی ژمارە و توانا و لێهاتوویی داواکراو.

ب- سەرجەم خەرجییەکانی کرێکارەکان وەك (گواستنەوە ، شوێنی حەوانەوە ، جل و بەرگی یەکپۆشی ، نان خواردن و هەرچی پێداویستی تریان هەیە) لەسەر بەڵێندەر دەبێت.

ج- پوختەی (الصافي) مووچەی کرێکار لە (٣٠٠٠٠٠) دینار کەمتر نەبێت.

د- بەڵێندەر پابەند دەبێت بە پێدانی دەستەبەری کۆمەڵایەتی بەپێی یاسای دەستەبەری کۆمەڵایەتی ژمارە(٣٩)ی ساڵی ١٩٧١.

هـ- دەبێت ڕێژەی کرێکاری ڕەگەزی مێ لە (٣٥٪)ی ژمارەی کرێکارەکان کەمتر نەبێت.

و- ڕێژەی کرێکاری ناوخۆ لە ڕێژەی(٧٥٪)ی ژمارەی کرێکارەکان کەمتر نەبێت.

ز- پشکنینی تەندروستی سەرجەم کرێکارەکان لەسەر بەڵێندەر دەبێت و هیچ کرێکارێك دەست بەکار نابێت بەر لە پێشکەش کردنی ئەنجامی تەندروستی ئەم پشکنینیانە.

ح- لە حاڵەتی یەکسانی بوونی دوو عەرز ، سەرەتا دەبێت ئەم پێوەرانەی خوارەوە لە بەر چاو بگیرێن:-

١- کام لە بەڵێندەرەکان ژمارەی رەگەزی مێی زیاتر بوو ، بۆ هەر کرێکارێك یەك خاڵ وەکو پێشینەتر (افضلية) دادەنرێت.

٢- کام لە بەڵێندرەکان ژمارەی (کەم ئەندام)ی زیاتر بوو بە مەرجێك ئیشەکەی بە تەواوەتی پێ بکرێت ، بۆ هەر کرێکارێك یەك خاڵ وەکو پێشینەتر (افضلية) دادەندرێت.

٣- ئەم رێنماییە لە رێکەوتی ٢٠٢٠/١/١ ەوە جێبەجێ دەکرێت و لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ئاوات جەناب نوری**
**وەزیری دارایی و ئابووری**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٣٤٥٢ لە ٢٠٢٠/٢/٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە یاسایی وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوایی ڕێنمایمان ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠١٩ و ئاماژە بە کۆنووسی کۆبوونەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەتمان لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگاکان لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٨ بڕیارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە هەموارییە:-

**بەیانی ژمارە(٤)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی٢٠١٩ تایبەت بە پێدانی مۆڵەتی جام ڕەش**

**ماددەی (١):-**

١- گۆڕینی ڕێژەی(٣٠٪) بۆ (٥٠٪) لە هەرمادده و بڕگەیەکی هاتوو لە ڕێنمایی سەرەوە .

٢- گۆڕینی ڕێژەی (٥٠٪) بۆ (٨٠٪) لە هەر مادده و بڕگەیەکی هاتوو لە ڕێنمایی سەرەوە .

**ماددەی (٢):-**

زیاد کردنی سێ بڕگە(٩و١٠و١١) لە ماددەی پێنجەم لە ڕێنمایی سەرەوە دەبێتە بڕگە (١٢)ی ڕێنمایی سەرەوە .

٩. ئەو ئوتۆمبێلانەی کە لە کۆمپانیای دروستکەر ڕێژەی تاریکی جام تا (٣٠٪)ـە ئەوا لێپرسینەوە و هیچ رسوماتێکی لێ وەرناگیرێت بە مەرجێك بە لەزگە جامەکانی ڕەش نەکرابێت و لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر ڕەش کرابێت .

١٠. ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٣٠٪) زیاتر و لە (٥٠٪) کەمتر بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٥٠٪) بدات .

١١. ئەگەر ڕێژەی تاریکی جام لە بنەمای کۆمپانیای دروستکەر یان بە لەزگە لە (٥٠٪) زیاتر و لە (٨٠٪) کەمتر بێت ئەوا پێویستە رسوماتی (٨٠٪) بدات

١٢.بڕی ئەو پارانەی سەرەوە کەلەم ماددەیە هاتووە دەخرێتە سەر حسابی پەرەپێدانی هاتووچۆی پارێزگاکان.

**ماددەی (٣):-**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێدەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٤٦٠٠ لە ٢٠٢٠/٢/٢٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و دوابە دوای بەیانی ژمارە (٣)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کورۆنا) و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە(٥)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کورۆنا)**

**یەکەم:** ڕاگرتنی پێدانی ڤیزەی هاتنە ژوورەوە بە هەڵگرانی پاسپۆرتی وڵاتی ئێران لەڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان تا ماوەیەکی دیاری نەکراو ، و ئەوانەی نیشینگەی هەرێمیان هەیە ڕێگەیان پێ نادرێت بگەڕێنەو هەرێمی کوردستان ، جگە لە شاندە دیپلۆماسییەکان کە پێویستە پشکنینی تەندروستی تەواویان لەخاڵە سنوورییەکان بۆ بکرێت و بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێت.

**دووەم:** قەدەغەکردنی هاتنە ژوورەوە لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەوکەسە بیانیانەی کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٢/٥ بەدواووە سەردانی وڵاتی ئێرانیان کردووە.

**سێیەم:** ئەو هاووڵاتییە عێراقییانەی کە لە وڵاتی ئێران دەگەڕێنەوە لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان پێویستە لە خاڵە سنوورییەکان جیابکرێنەوە و پشکنینی ووردیان بۆ بکرێت لە لایەن تیمە پزیشکییەکانی وەزارەتی تەندروستی بە مەبەستی دڵنیابوون لە تووش نەبوونیان بە ڤایروسی کورۆنا.

**چوارەم:** ڕاگرتنی گەشتی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان و عێراق لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتی ئێران تا کاتێکی دیاری نەکراو .

**پێنجەم:** پێویستە تیمە تەندروستییەکان لە گشت خاڵە سنوورییەکان پشکنینی سەرەتایی بۆ گشت ئەو گەشتیارانە ئەنجام بدەن کە لە ڕێگای دەروازە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان دەگەنە هەرێم ، هەروەها پێویستە گشت فەرمانبەران و کارمەندانی دەروازە سنوورییەکان ڕێگەکانی خوپاراستن بگرنە بەر لەپێناو پاراستنیان لە تووشبوون بەو ڤایرۆسە و پشکنینی بەردەوامیان بۆ ئەنجام بدرێت.

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٤٦٠١ لە ٢٠٢٠/٢/٢٠**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٩ و دوابە دوای هەر دوو بەیانی ژمارە (٣و٥)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کورۆنا) و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە(٦)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کورۆنا)**

**یەکەم:** ڕاگرتنی گەشتی ئاسمانی لە نێوان هەر دوو فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی هەولێر و سلێمانی و کۆماری ئیسلامی ئێران تا ماوەیەکی دیاری نەکراو.

**دووەم:** ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٤٨٢٠ لە ٢٠٢٠/٢/٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و بەمەبەستی جێبەجێ کردنی یاسای بەخاوەنکردنەوەی ئەو زەوییانەی لە سنوری شارەوانییەکان زیادەڕۆییان لەسەر کراوە ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٩ بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە(٧)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە جێبەجێ کردنی یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩**

**ماددەی (١):-**

أ- لیژنەیەك پێك دێت لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان لەم لایەنانەی خوارەوە:

١- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆ.

٢-بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکان.

٣-سەرۆکی شارەوانی .

٤-بەرێوەبەری گەنجینە.

٥- بەڕێوەبەری کشتۆکاڵ.

٦-بەڕێوەبەری تۆمارکردنی خانووبەرە.

٧-بەڕێوەبەری نەخشەدانان.

ب- پارێزگار یان سەرپەرشتیاری ئیدارە بۆی هەیە لیژنەیەك پێك بهێنێت لە هەر یەکەیەکی کارگێری بەسەرۆکایەتی سەرۆکی یەکەی کارگێری و ئەندامێتی ئەو لایەنانەی کە لەبڕگەی (أ/٣تا٧)ی سەرەوە ئاماژەیان پێ دراوە ئەگەر پێویست بکات بەمەبەستی کارئاسانی جێبەجێکردنی یاسای ژمارە(٣)ساڵی ٢٠١٩

**ماددەی (٢):-**

١- داواکارییەك لە لایەن زێدەرۆکار یان میراتگەری شەرعی پێشکەش بە سەرۆکی یەکەی کارگێری دەکرێت لەسنووری ئەو شارەوانییەی کە زیادەڕۆیی لێ کردووە.

٢- پێویستە زێدەرۆکار یان میراتگەری شەرعی بسەلمێنێت کە نیشتەجێی ئەو خانووەیە کە بەزیادەرۆیی لەسەر زەوی دەوڵەت دروستی کردووە.

٣- لیژنەکانی بڕگەی (أ)ی ماددەی یەکەمی ئەم بەیانە بڕیار لەسەر ئەو دیکیۆمینتانە دەدەن کەپێویستە بۆ سەلماندنی بڕگەی دووەم.

**ماددەی (٣):-**

لیژنەیەکی لاوەکی لە شارەوانی تایبەتمەند پێك دێت بۆ پێوانی پارچە زەوی کە زیادەڕۆیی لەسەر کراوە و جێگیرکردنی ڕووبەرەکەی و بەرزکردنەوەی ڕاپۆرت بۆ لیژنەکانی ماددەی یەکەم بەمەبەستی بڕیار دان ، وپێویستە یەکێك لە ئەندامانی لیژنە پێوەر بێت.

**ماددەی (٤):-**

ئەگەر گشت مەرجەکانی پێویست بۆ تاپۆکردنی خانوو ، کە بە زیادەڕۆیی دروست کراوە جێبەجێ بوو ئە وا دوای بڕیاردانی لیژنەی پارێزگا یان ئیدارەی سەربەخۆ یان لیژنەی یەکەی کارگێری بەڕەزامەندی ، بڕی ڕسوماتی تایبەت بە تاپۆکردن بەپێی ماددەی (٢) بڕگەی دووەم لە لایەن شارەوانی تایبەتمەند وەردەگیرێت بە پسولەی (٣٧/أ).

**ماددەی (٥):-**

ئەو پارچە زەوییانەی کە بە پێچەوانەی حوکمەکانی یاسای ژمارە (٣) ساڵی ٢٠١٩ زیادەڕۆی لەسەرکرابوو ئەوا لە لایەن لیژنەی یەکە کارگێرییەکان تاپۆکردنیان ڕەت دەکرێنەوە و ڕێکارەکانی هاتووە لە یاساکە جێبەجێ دەکرێن.

**ماددەی (٦):-**

نوێنەری شارەوانی بۆی هەیە تاپۆکردن ڕەت بکاتەوە ئەگەر پێچەوانەی بڕگەی چوارەمی ماددەی (٢)ی یاساکە بێت.

**ماددەی (٧):-**

١- بەرپرسیارەتی جێبەجێ کردنی گشت ڕێکارەکانی هاتوو لە یاسای ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠١٩ و ئەم بەیانە دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەی یەکە کارگێرییەکان .

٢- لە کاتی سەرپێچی کردنی بڕگەکانی ئەم یاسایە و ئەم بەیانە لیژنەی یەکە کارگێرییەکان بەرپرسیار دەبن بەرامبەر یاسا بەپێی یاسای بەرزەفتی فەرمانبەرانی دەوڵەت ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩١ی هەموارکراو سەرەڕای ڕێکارە یاساییەکانی تر.

**ماددەی (٨):-**

ئەم بەیانە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە .

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٤٩٥٢ لە ٢٠٢٠/٢/٢٦**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە ٦ ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای بەیانی ژمارە (٣ - ٥ - ٦ )ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە(٨)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا)**

**یەکەم:** ڕاگرتنی پێدانی ڤیزە و هاتنە ژوورە بە هەڵگرانی پاسپۆرتی ئەم وڵاتانەی خوارەوە:-

١- تایلاند ، ٢- کوریای باشوور ، ٣- یابان ، ٤- ئیتالیا ، ٥- سنغافور.

**دووەم:** قەدەغەکردنی گەشت کردنی هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی لە ڕێگای خالە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (یەکەمی) سەرەوە دیاری کراون.

**سێیەم:**

١- ئەو هاووڵاتیانەی کە لە دوای (٢٠٢٠/١/١) سەردانی وڵاتانی (چین ، ئێران ، تایلاند ، کۆریای باشوور ، یابان ، ئیتالیا ، سنغافور )یان کردووە لە کاتی گەرانەوەیان پشکنینی سەرەتاییان بۆ دەکرێت لە فرۆکەخانەکان دواتر ڕەوانەی کەرەنتین (حجز صحي) دەکرێن بۆ ئەو ماوەیەی کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەست نیشان کراوە و ئەم بەروارە بەیانی ژمارە (٣ و ٥ و ٦)ی دەگرێتەوە.

٢- هەر هاووڵاتییەکی بیانی سەردانی ئەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (سێیەم/١) ئاماژەی پێ دراوە ڕێگایان پێ نادرێت بێنە هەرێمی کوردستان جا ئەگەر لەرێگەی دەروازە سنوورییکان بێت یان خاڵەکانی پشکنین لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق بێت

**چوارەم:** شاندی فەرمی ئەو وڵاتانەی لە بڕگەی (یەکەم) دیاری کراون بەرێز مامەڵەیان لەگەل دەکرێت و لە لایەن تیمی تەندروستی تایبەتمەندەوە پشکنینیان بۆ دەکرێت لە خاڵە سنورییەکان و خاڵەکانی پشکنین لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق .

**پێنجەم:** پێویستە ئەفسەری خاڵی سنوری پاسپۆرتی هاووڵاتی عێراقی و بیانی کۆنترۆل بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کە سەفەری ئەو وڵاتانەی نەکردووە کە لەم بەیانە دیاری کراون لە دوای ٢٠٢٠/١/١.

**شەشەم:** داوا لە هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان دەکەین گەشت نەکەن بو پارێزگاکانی تری عێراق بە تایبەتی پارێزگای نەجەف و کەرکوك تەنها لەحاڵەتی زۆر پێویست نەبێت .

**حەوتەم:** پێویستە تیمی پشکنینی تەندروستی لە گشت خاڵەکانی پشکنین لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی عێراق جێگیر بکرێن بە مەبەستی پشکنینی گشت ئەو هاووڵاتیانەی کە لە پارێزگاکانی تری عێراق دێنە هەرێمی کوردستان .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٥١٤٨ لە ٢٠٢٠/٢/٢٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای بەیانمان ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ بەڕێوەبەرانی گشتی و ئاماژە بە بڕگە (١٤)ی کۆنووسی دووەمین کۆبوونەوەی لیژنەی پێداچوونەوە و پێشنیارکردنی یاسا و پەیڕەو ڕێنمایی و بەیانەکانی تایبەت بە کاری وەزارەتی ناوخۆ لەڕێکەوتی ٢٠٢٠/١/٢٠ کە پێکهاتووە بەفەرمانی وەزاریمان ژمارە(٦٧٧ لە ٢٠٢٠/١/١٢) و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:

**بەیانی ژمارە(٩)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**هەمواری یەکەمی بەیانی ژمارە (١٦)ی ساڵی ٢٠١٦ تایبەت بە دابەزاندنی دەسەڵاتەکان بۆ بەڕێوەبەرانی گشتی**

**ماددەی (١):-**
هەموارکردنی بڕگەی (یەکەم/١) لە بەیانی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
**یەکەم/١:** خەرجکردن و نوێکردنەوەی گشت دەرماڵە (جێگیرو ناجێگیرەکان) بەپێی یاسای خزمەتی شارستانی ژمارە (٢٤)ی ساڵی ١٩٦٠ هەموارکراو و یاسای مووچەی فەرمانبەران ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٠٨ و یاسای ڕاژەو خانەنشینی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠١١ و ڕێنماییە داراییە کارپێکراوەکان لە ڕێکەوتی شایستەبوونیەوە جگە لە دەرماڵەی تایبەت بە ڕێژەی (٥٠٪) بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی باڵا کە بۆ جاری یەکەم لە وەزارەتمان خەرج دەکرێت بەڵام نوێکردنەوەی ساڵانەی لەدەسەڵاتی بەڕێوەبەری گشتی دەبێت.
**ماددەی (٢):-**
هەموارکردنی بڕگەی (یەکەم/١١) لە بەیانی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە:
**یەکەم/١١:** ڕەزامەندی لەسەر پرۆسەی هاوسەرگیری ئەفسەرو کارمەندانی هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ بەمەرجێک هاوسەرەکانیان هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بن، بۆ ئەوانەی هاوسەرەکانیان عێراقی نین دەبێت ڕەزامەندی لایەنە ئەمنییەکان (ئاسایش و پۆلیس) وەربگیرێت.
**ماددەی (٣):-**
هەڵوەشاندنەوەی بڕگەی (یەکەم/١٣) لە بەیانی سەرەوە.

**ماددەی (٤):-**

هەموارکردنی بڕگەی (یەکەم/١٩) لە بەیانی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

**یەکەم/١٩:** دانـانی ئەفسـەران و فەرمـانبەران لە پایەکـان بەپێـی مـیلاك و پەیـکەری رێکخسـتنی پەسندکراو بە بەرچاو گرتنی پلەی سەربازی و وەزیفی و ئاستی خوێندن بە تایبەتی بۆ لێپرسـراوی بەشەکان کە نابێت خوێندنیان لە ئاستی بڕوانامەی بکالۆریۆس کەمتر بێت، و سەبارەت بە بەشـەکانی ژمێریاری و وردبین دەبێت پسپۆری ژمێریاری هەبێت.

**ماددەی (٥):-**

هەموارکردنی بڕگەی (یەکەم/٢٥) لە بەیانی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

**یەکەم/٢٥:** خەرج کردنی پارەی سوتەمەنی ئوتۆمبیل و ئامێرەکان (گاز و بەنزین) بەپێی پسوولەی پێداویستی بەرەچاوکردنی رێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٨ .

**ماددەی (٦):-**

هەموارکردنی بڕگەی (یەکەم/٣٠) لە بەیانی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

**یەکەم/٣٠:** ئاراستە کردنی نوسراوی تایبەت بە پسپۆری بەرێوبەرایەتی گشتی تایبەتمەند بـو دام و دەزگـا پەیوەندیـدارەکان جـگە لە (سـەرۆکایەتی هەرێـم و سـەرۆکایەتی ئەنجـومەنی وەزیـران و ئەنجـومەنی ئاسایشـی هەرێـم و وەزارەتەکـان و ئەنجـومەنی دادوەری و ودەسـتە سـەربەخۆکان و بالێوزخـانە و کونسـولگەریە گشـتیەکانی عێـراق و هەرێـم) و نابێـت پشـتگیری بـدرێت بـۆ لایەنـی پەیوەندیدار.

**ماددەی (٧):-**

هەموارکردنی بڕگەی (یەکەم/٣٢) لە بەیانی سەرەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە

**یەکەم/٣٢:** دەبێـت هەنـدێك لەم دەسـەڵاتانەی ئامـاژەی پێـدراوە دابەزێنـدرێت بـۆ بەرێـوەبەری پارێزگاکان و هاوشێوەکانیان و دابەزاندنی ئەم دەسەڵاتانە بە فەرمـانی کـارگێڕی و وێـنەیەک بـدرێت بە وەزارەتمان.

**ماددەی (٨):-**

ئەم بەیـانە لە رۆژی دەرچـوونیەوە کـاری پـێ دەکرێـت و لە رۆژنـامەی (وەقـایعی کوردسـتان) بڵاودەکرێتەوە.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیـری نـاوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٢١٠ لە ٢٠٢٠/٢/٢٧**

پاڵپشت بەو دەسـەڵاتەی پێمـان دراوە لە یاسـای وەزارەتـی نـاوخۆ ژمـارە ٦ سـاڵی ٢٠٠٩و دوابەدوای بەیـانی ژمـارە ( ٣ و ٥ و ٦ و ٨ )ی تـایبەت بە رێگـری کـردن لە بڵاوبـوونەوەی ڤایرۆسـی (کۆرۆنـا) و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە :-

**بەیانی ژمارە(١٠)ی ساڵی ٢٠٢٠**
**تایبەت بە رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی (کۆرۆنا)**

**یەکەم:** داوا لە هاووڵاتیان و دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەکەین ڕەچاوی رێنمایی و بریارەکانی حکومەت بکەن بۆ خۆپاراستن لە پەتای ڤایرۆسی کۆرۆنا.

**دووەم:** داوا لـە هاووڵاتیـان و دانیشـتوانی هەرێمـی کوردسـتان دەکەیـن هـاتووچۆکردن لە نێـوان شـارەکانی هەرێـم کەم بـکەنەوە و هەروەهـا لەگەڵ پارێزگاکـانی تـری عێـراقیش تـا دەتـوانن هاتووچۆ نەکرێت.

**سێیەم:** سەبارەت بە ناوچە کوردستانیەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمی کوردستان بە تایبەت پارێزگای کەرکوك داوا لە هەموو هاووڵاتیان دەکەین ڕەچاوی رێنماییەکانی خۆپاراستن لە ڤایرۆسی کۆرۆنا بکەن.

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٢١٢ لە ٢٠٢٠/٢/٢٧**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦) ساڵی ٢٠٠٩ و دوابەدوای هەر پێنج بەیانی ژمارە (١٠،٨،٦،٥،٣)ی تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە(١١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە ڕێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا)**

**یەکەم**: - ڕاگرتنی پێدانی ڤیزە و هاتنە ژوورە بە هەڵگرانی پاسپۆرتی ئەم وڵاتانەی خوارەوە:

١- کوەیت. ٢- بەحرەین .

**دووەم** :- قەدەغەکردنی گەشت کردنی هەڵگری پاسپۆرتی عێراقی لە ڕێگای خالە سنورییەکانی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو وڵاتانەی کە لە بڕگەی (یەکەمی) سەرەوە دیاری کراون.

**سێیەم :-** ئەو هاووڵاتیە عێراقیانە کە لە دوای (٢٠٢٠/١/١) سەردانی وڵاتانی (کویت ، بەحرین، تایلند، سنغافورە، ئیتالیا ، یابان ، کوریای باشوور ،چینن ئێران )یان کردووە لە کاتی گەیشتنیان بۆ دەروازە سنوورییەکانی هەرێم یان خاڵی پشکنینی نێوان هەرێم وپارێزگاکانی تری عێراق ، ئەوا پشکنینی سەرەتاییان بۆ دەکرێت لەلایەن تیمە تەندروستییەکان ،دواتر ڕەوانەی کەرەنتین دەکرێن بۆ ئەو ماوەیەی کە لە لایەن وەزارەتی تەندروستی دەست نیشان کراوە.

**چوارەم** :- ئەو بیانیانەی کە لە دوای (٢٠٢٠/١/١) سەردانی وڵاتانی (کویت ، بەحرین، تایلند، سنغافورە، ئیتالیا،یابان ،کوریای باشوور ،چین، ئێران)یان کردووە ریگایان پێ نادرێت بێنە هەرێمی کوردستان

**پێنجەم** :- ئەو بیانیانەی کە نیشینگەیان هەیە لەهەرێم ڕێگایان پێ دەدرێت بێنە هەرێمی کوردستان هەرێمی کوردستان بەمەرجێك لە دوای ٢٠٢٠/١/١ سەردانی ئەو وڵاتانەی بڕگەی سێیەمیان نەکردبێت.

**شەشەم** :- شاندی فەرمی ودیبلۆماتکارانی ئەو وڵاتانەی لە بڕگەی (یەکەم) دیاری کراون بەدەرن لەو ڕێکارانەی سەرەوە و بەرێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت و لە لایەن تیمی تەندروستی تایبەتمەندەوە پشکنینیان بۆ دەکرێت لە خاڵە سنورییەکان و خاڵەکانی پشکنین لەنێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی تری عێراق .

**حەوتەم** : - پێویستە ئەفسەری خاڵی سنوری پاسپۆرتی هاووڵاتی عێراقی و بیانی کۆنترۆڵ بکات بۆ دڵنیابوون لەوەی کەسەفەری ئەو وڵاتانەی نەکردووە کە لەم بەیانە دیاری کراون لەدوای ٢٠٢٠/١/١.

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٥٣١٨ لە ٢٠٢٠/٣/١**

لەسەر فەرمانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و لەپێناو پاراستنی ئاسایشی تەندروستی هەرێمی کوردستان تایبەت بە رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا) ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم بەیانە:-

**بەیانی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٢٠**

**تایبەت بە رێگری کردن لە بڵاوبوونەوەی ڤایروسی (کۆرۆنا)**

**یەکەم**: - داوا لە گشت هاووڵاتیانی خۆشەویستی هەرێمی کوردستان دەکەین سەردانی فەرمانگەکانی حکومەت نەکەن ئەگەر لە حاڵەت و کاری زۆر پێویست نەبیت .

**دووەم** :- گشت وەزارەتەکان و فەرمانگەکانی نەبەستراو بە وەزارەت سەرپشک دەکرێن بە کەمکردنەوەی پابەندبوونی فەرمانبەران بە دەوامی فەرمی تەنیا بۆ ئەو ستافانەی کە پێویستە بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری فەرمانگەکانیان .

**سێیەم :-** کەمکردنەوەی دەوامی فەرمی لە فەرمانگەکانی حکومەت لە کاتژمێر (٨ : ٠٠) بەیانی تا (١ : ٠٠)ی پاش نیوەڕۆ .

**چوارەم** :- سیستەمی پەنجەمۆر لە گشت فەرمانگەکان ڕادەوەستێت و هاتن و چوونی فەرمانبەران لە تۆمارێکی تایبەت تۆمار دەکرێت ، جگە لەو فەرمانگانەی کار بەسیستەمی پەنجەمۆری چاو کاردەکەن .

**پێنجەم** :- ئەم بەیانە تەنها فەرمانگە شارستانیەکانی حکومەتی هەرێم دەگرێتەوە جگە لە فەرمانگە تەندروستیەکان کە پێویستە بە بەردەوامی لە ئەرک دا بن .

**شەشەم** :- کاری ئێشکگری فەرمانگە خزمەتگوزارییەکانی شارستانی وە ( ئاو ، کارەبا و شارەوانی و ...هتد) بەردەوام دەبێت .

**حەوتەم** : - ئەم بەیانە تا بەرواری ٢٠٢٠/٣/١٠ کاری پێ دەکرێت .

**هەشتەم** : - ئەم بەیانە لەرۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

**ژمارە: ١٦١١ لە ٢٠٢٠/٢/١٩**

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە ماددەی (٥) لە یاسای وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) ی ساڵی (٢٠١٠) بڕیارماندا :-

بە لێکترازانی ڕێکارەکانی هاوردەکردن وگواستنەوەی بنەتۆی پەتاتە لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باخداری و دارستان و پاوان و بەستنەوەی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی / بەڕێوەبەرایەتی بنە تۆ و پەسەند کردنی بنە تۆ هەر وەک لە ڕێنمایی ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ بڕگەی (٦) وە ژمارە (٢) ی ساڵی (٢٠١٥) داهاتووە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ئەم بەیانە لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) .

**بێگەرد تاڵەبانی**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**

---

**وەزارەتی کارەبا**

**ژمارە: ١٥٣٤ لە ٢٠٢٠/٢/٢٦**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی کارەبا ژمارە (٥) ی ساڵی ٢٠٠٦ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم بەیانەی خوارەوە :-

**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٠**

١- لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە ناونیشانی خشتەی ژمارە (٤)ی ڕێنمایی ژمارە (١ی ساڵی ٢٠١٩ بۆیە بەپێویست زانرا ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە بێت :

**خشتەی ژمارە (٤)**

**بڕی کەمترین ڕێپیدانی دووری لەسەنتەری هێلی کارەباوە .**

٢- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونی و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوەی .

**ئەندازیار / کمال محمد صالح**
**وەزیری کارەبا**

**جمهورية العراق**
**إقليم كوردستان**
**الرئيس**

**قرار**
**رقم (٣) لسنة ٢٠٢٠**

وفقاً للصلاحيات الممنوحة لنا في الفقرة (الأولى) من المادة (العاشرة) لقانون رئاسة اقليم كوردستان رقم (١) لسنة ٢٠٠٥ المعدل ، قررنا اصدار القرار رقم (١) لسنة ٢٠٢٠ الذي اصدرة برلمان كوردستان في جلستة الاعتيادية المرقمة(١٣) بتأريخ ٢٠٢٠/١/١٢ .

**قرار**
**رقم (١) لسنة ٢٠٢٠**

**أيام المناسبات الرسمية للمكون التركماني في اقليم كوردستان - العراق**

استناداً الى أحكام الفقرة(١) من المادة (٥٦) من قانون انتخاب برلمان كوردستان - العراق رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل ، والفقرة (أولاً) من المادة (٧٧) من النظام الداخلي لبرلمان كوردستان ، أصدار برلمان كوردستان في جلستة الاعتيادية رقم (١٣) بتأريخ ٢٠٢٠/١/١٢ ، القرار الآتي :

**أولا:** تعد المناسبات الآتية مناسبات رسمية للمكون التركماني :

١- اعتبار (١٧) من شهر (١١) من كل عام يوماً للغة والثقافة للمكون التركماني .

٢- اعتبار (٢٥) من شهر (٢) من كل عام يوماً للصحافة للمكون التركماني .

**ثانيا:** على مجلس الوزراء والجهات ذات العلاقة تنفيذ هذا القرار .

**ثالثا:** ينفذ هذا القرار من تأريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان) .

**الأسباب الموجبة**

من أجل اضفاء الصفة الرسمية على المناسبات القومية والثقافية للمكون التركماني وتعزيز و اغناء التعدد الثقافي في اقليم كوردستان ، صدر هذا القرار .

**نيچيرڤان بارزاني**
**رئيس إقليم كوردستان**

**أربيل**
**٢٠٢٠/٢/١٠**